# گەمە درامییەکانی باڵندە و دۆناودۆن

## (خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ «تیشکە پڕەکان»)

**ئەحمەدی مەلا**
**(ئیسپانیا)**

تیشکە پڕەکان، شیعری سەباح ڕەنجدەرە، لە ژمارە (٣٢٥)ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکراوەتەوە.. «تیشکە پڕەکان» تەنیا تیشکی پڕ نین، بەڵکوو ئەم تیشکانە پەرتەوازەشن، شیعرییەتی باڵندە ئەم پەرتەوازەییە کۆدەکاتەوە. «باڵندە» لە ڕەگەزی ڕۆحە، نە عەردییە بەتەواوی، نە ئاسمانیشە، بەڵکوو ئەم دوو دنیایە پێکەوە گرێ دەدا، بۆیە تا ڕەگەزێکی شیعرییە، ڕەگەزێکە دەچێتە ناو خەونەکانەوە، لە خەونەکانەوە لەدایک دەبێت. ڕەگەزێکی هەند سرک و سووکە، لە ئاگرەوە نزیکە، لە خۆڕا نییە «سیمرغ/سیمورغ» لە ناو ئاگر هێلانە دەکات.

«تیشکە پڕەکان» باسی ڕۆح دەکات، ڕۆحێک بەرەو ئاسمانەکانیش بەرزبێتەوە، لە شێوەی باڵندەش، لەسەر عەرز، لە نێو لقوپۆپی درەختان دەمێنێتەوە. ڕەنگە باڵندە ئەو گیانلەبەرانە بووبێتن کە ویستبێتیان بە تەواویی ببن بە ڕۆح، کەچی لەو نێوەندە مابێتنەوە، ئەمەش هێزی بەخشیوەتە ڕەگەزە شیعرییەکەی، ئەگینا چۆن دەشێ بگوترێت: **«گۆڕستان بە خورپەی باڵی باڵندەی ماندوو شوورە کرابوو.»**

هەر باڵندەن ڕۆح دەبەخشنە درەخت. جریوەی درەختی ئێواران، خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی زیندووە.

لەم ڕووەوە شاعیر ئاواتەخوازە کە **«درەختی سەروپڕچ پڕ باڵندە قسەم بۆ بکات.»**

شاعیر خەون بەوەوە دەبینێ کە ڕازی باڵندە بخوێنێتەوە و لە ڕاز و نیازیان تێ بگات:

**«باڵندەی حەوشە و بانیش پەڕی نەرمونیانیان پۆشیبوو**
**ڕۆح و باڵیان پڕپوون لە خواست.»**

ئەم سەفەرە هەم ڕامانە، هەم مانەوەیە لەگەڵ باڵندان، باڵندەی کەوین، دێنە ناو حەوشەکانەوە، لەسەر ستارەکان هاتوچۆ دەکەن، لە ناو پرچی درەختان دەمێننەوە و دەجریوێنن. باڵندە لای شاعیر، باڵندەی کێوی نییە، پێویست بە کەویکردنی ناکات، لەم دیدەوە، گەڕانەوەی باڵندە بۆ ناو درەختان بەس نییە، بەڵکوو دەیانەوێ لە ناو سنگی درەختان نیشتەجێ بن: **«باڵندەی نەترساو زوو دەچێتە سینگی نزیکترین درەختەوە.»**

ئیدی شاعیر بە تەنیا پیاسە ناکات، بەڵکوو درەختەکانی شاریشی لەگەڵ ئەون: **«درەختی شاریش لەگەڵم دێن**
**باڵندە لەناو پرچیان دەرگایان لێ واڵایە.»**

بۆیە لە نێو ئەم دەقانەدا، باڵندە دەبێ بە ئەندامێکی

خێزان، گوێمان لە ترپەی دڵی دەبێ، تەنانەت هەند لێمان نزیک دەبێتەوە، دەزانین لە چ دۆخێک دایە:

**«باڵی باڵندە تای لێیە و پەنجەرەش سڕ**
**مردن داوای کردووە لە گەنجینەی ئێمە بمێنێتەوە.»**

ئەم دیالۆگە، زۆر بە مۆنۆلۆگ دەچێت، بە شێوەیەکی پەنهان، بە نزمی، بە حەیاوە باسی عەشقمان بۆ دەکات، عەشقێکی جیاواز، هەر دەڵێی دەسنوێژ هەڵگرتنە.

**«لە پشت دارستانی نابینا**
**سەیری فڕینی ناوەختی باڵندە ناکەم.»**

مۆنۆلۆگ، قسەکردنێکی قووڵە، لەگەڵ یەکێکی دی، ئەویش خۆمانین، هەم دەپرسین، هەم وەڵام دەدەینەوە:

**«دەبێ لک هەبن باڵندەی لەسەر بنیشنەوە**
**ساڵ و چیمەنی حەوشە خوناوی شەویی لێ ماوەتەوە.»**
**«باڵندەی چاوەڕوان نیشتنەوە و حیکمەتی تەمەنیان دامێ.»**

ئیدی لەمە بەدواوە باڵندە ڕۆحە، ئاوێتەی شتان دەبێ، تێکەڵی سێبەر دەبێ، دەبێ بە ئاوێنە و شاعیر خۆی تێدا دەبینێ:

**«لەژێر درەختی حەوشە سێبەرێکی پڕ جریوە و جووکە**
**داینیشاندم و تەمبوورێکی خەمگین دەژەنم.»**

وەک لە سەرەتا ئاماژەم پێ دا، سیمورغ ئەو باڵندە پەدیدە ئامێزەیە کە گوزارشت لە هەرمان و نەمریی دەکات، نەمرییەکی زیندوو. شاعیر دەیەوێ ژیانی ساردوسڕ، ژیانی بێ بەرەکەت و وەستاو، بە ژیانێکی دینامیک و پڕ جووڵە بگۆڕێتەوە، خۆی ببێ بە باڵندە، ئەو باڵندەیەی کە تەنیا هەر ڕۆحلەبەر نییە، بەڵکوو ڕۆحیش دەبەخشێت، نەمریی دەبەخشێت:

**«چاوی پڕ پەرجووم هەڵدەبڕم**
**سارد و بەتاڵ دەگەڕێمەوە هێلانەی سیمرخ.»**

ئەم هاتوچۆیەی کە لە نێوان شاعیر و باڵندە و بە باڵندەبووندا بەرقەرارە، جێی ڕامانە، بۆیە بە هێمنی دەڵێت:

**«وەرە خەونم**
**لەسەر سەکۆ بە باڵی کراوەم ڕاوەستاوم**
**هەتاوی نیوەڕۆ توورەیە.»**



**سەباح ڕەنجدەر**

ئەم تووڕەبوونەی خۆر، جێی سەرنجە، خۆر ڕەگەزێکی گەردوونییە کە بەشدارە لە درامای باڵندە. ئەم چوونە ژێر پێستی باڵندەیە، گەڕانێکە بۆ ئەوەی «ئەوی دیکە» بە نەمری بمێنێتەوە.

ئەم بەرجەستەبوونە دەگاتە ترۆپک، تەنانەت دەبێ بە شتێکی ترسناک. خاوبوونەوەی ژێی تەمبوور وەستانی بەرەکەتی دەنگ و سەدای ژیانە، بەڵام مادام لە شەقامی باڵندەین، کارەسات دەبێ بە وێنەی شیعری و شاعیر خۆی دەبێ بە چەق:

**«تەمبوورەکەم ژێی شل بووینەوە**
**لە شەقامی باڵندانم**
**کۆتره گۆرانییەک دەمم دەکاتە هێلانە.»**

درامای «تیشکە پڕەکان» درامای ئاشنایەتین، دەم بە هاوار نییە، بەڵکوو وەک کزە با، بە چرپە دەدوێ. زیاتر درامای دەروونە، لە شوێنە قووڵەکان نیشتەجێیە، برینێکە خۆی دەکولێنێتەوە. بە وێنەی سوریالی، واقیع تێک دەشکێنێ و بە هێمنی دروستی دەکاتەوە:

**«ماڵەکەشمان بە درەخت و باڵندەیە**
**جریوە و جووکە دەبەخشن.»**